**بەناوی خودای بەخشندە و میهرە بان**

# 100ئامۆژگاری بۆ گە نجان

## عبدالله علی

**سوپاس بۆ پەروەردگاری مەزنی بێ هاوتا درود و سلاو بۆ سەر گیا نی کۆتا پێغەمبەرمحمد ( صلی الله علیە وسلم ) و کە سوکاری و هاوە ڵەبەڕێزەکانی وگشت باوەڕداران هەتا ڕۆژی دوایی .**

**لە پێغەمبەر( صلی الله علیە وسلم ) وە ئامۆژگاری کراوین بە خو ڕەوشت وسونەت وفەرمودەکانی بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرین وەجێ بەجێ یان بکەین تاوەکو پێکەوە بتوانین کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و خۆشبەخت بنیات بنێین و تواناى پێ کەوە ژیا نمان هەبێت وەك لەم فەرمووودەیەدا ڕوونی دەکاتەوە :**

عن أنس بن مالك عن النبى صلى الله عليه وسلم قال {لايؤ من أحدكم حتى يحب لأخيه مايحب لنفسه }متفق عليه

**واتە :هیچ کەس لە ئێوە ئیمانی تەواو نیە هەتا چی پێ خۆشە بۆ خۆی ئەوەشی بۆ برا موسوڵمانە کانی تر ی پێ خۆشبێ .**

**کەوایە ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و خۆشبەخت بنیات بنێین دە بێت شارەزا کا نمان ئامۆژگاری کەسانی ترمان بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش چاك بن و سوودی لێ وەربگرن .**

**فەرمون بابزانین ئامۆژگاری چی یە :**

**خوێنەری بەرێز:هەندێ کەس لەئامۆژگاری بەهەڵە تێگەیشتون وادەزانن بریتی یە لە تەداخول کردن لە ئیش و کاری خەڵك و نارەحەت کردنیان یان بە کەم زانین لە پلە و پایەیاندا یان ئامۆگاری کەر باشترو گەورەتر بێت لە ئامۆژگاری کراو, بەلام ئەوکەسەی ئامۆژکاریت دەکات شارەزاترە لە تۆ لەو بابەتەدا و ئامۆژگاریەکەی بۆ تۆ نیشانەی خۆشەویستیە، رێ نیشاندەرە ، خۆش بەختیە، سەروە تێکی ڕاستە قینەیە ، نیشانەی وەفایە، چارە سەری ناخۆشی و بەڵایە.**

ئامۆژگاری: میکانیزمی چاکە خوازیە ..قازانج و پادا شتە ..ڕاست گۆیی و نەجاتە.
ئامۆژگاری: چە پکە یەك لە خێرە ئامۆژگاری کەر پێشکە شت دەکات .
ئامۆژگاری: کەشتیەکی پچوکە ڕزگارکەرتە لە ناڕەحەتی و شە پۆلی فیتنە دە تپارێزێ و دە تبا تە شوێنی ئارام.
ئامۆژگاری: ئامۆژگاری دەتپەڕێنێتەوە لە ناو گەورەترین گەردەلولی حەزو ئارەزوە نابەجێ کان ..
ئامۆژگاری: ڕووناکیە دەدرەوشێتەوە ڕێگات بۆ ڕووناك دەکاتەوە..
ئامۆژگاری: چەسپاو ترت دەکات لە سەر پاکی و هۆشیاری و کرداری جوان ، بۆلای پەروەردگار بانگت دەکات بۆ ئەوەی ڕۆژی دوایی سەربەرزبیت..

. ئامۆژگاری: مافی تۆیە لەسەر ئامۆژگاری کەر کە ڕووت تێ بکات و ئاگادارت بکاتەوە و ئامۆژگاریت بکات.
ئەی گە نجی خۆشەویست : تکایە بە سنگی فراوانەوە ئامۆژگاری وەربگرە لەدڵتدا جێگەی بکەرەوە.
بزانە :ئەو کەسەی ئامۆژگاریت دەکات و بانگت دەکات بۆ ئامۆژگاری مەبەستی سوود و خۆشەویستیەتی بۆ تۆ و ترسی زیانیەتی لە تۆ بکەوێت.

بزانە :ئەوەی ئامۆژگاری کەر پێت ڕادەگەیەنێت بریتی یە لەووتەکانی پەروەردگار و ووتەو سونەتەکانی پێغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) دەی کەوایە وەری بگرە بەجوانترین شێوە، چونکە وەرگرتنی جێبەجێ کردنی فەرمانی خوای گەورە و شوێنکەوتنی سونەتی پێغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم )ە. بەڵام ئەگەر وەرت نەگرت بێگومان بەرپەرچی ووتەی پەروەردگار و سونەتەکانی پێغەمبەر( صلی اللە علیە وسلم ) داوە تەوە.

. بزانە :ئەی خۆشەویست :سەرەتای چاك خوازی بەوە دەبیت کە زووئامۆژگاریەکە وەربگریت و دانی پێ دابنێیت .بە ربەرەکانی لە گەڵ حەزو ئارە زوە کانت بکە کە داوای سە رپێچی فەرمانی خودات لێدە کات .
وە ڕقت لێ بێ بە چاوی دوژمن سە یری بکە . وەلە سەر شتی بێ بایەخ گفتو گۆ مەکە ,دان بە هەڵەکانتدا بنێ, خۆت بە زلەزانە .چونکە ناچێتە بە هەشت کە سێ لە د ڵیدا هەبێ زە ڕەیە ك لە خۆبە زلزانی .
دە ی بڕیار بدە کە دان بنێی بە هە ڵە کانت ئە گەر هەتە وە واز بێنە لە تاوان و سەر پێچی , پە شیمان بەرەوە لەو تاوانانەی کردوتە,جە سوربە لەسەر ئە وە ی نە گە ڕێتە وە بۆ سەری لە داها توتدا .

کاتی سو پاسی ئه وکەسەت کرد که ئا مۆژگاریت دەکا وه وەڵامت دا یەوه ,ئه وه له به ڕێزی وگه ورەی خۆته . ئه گەر به پێچەوانه وه سو پاست نه کرد ئەوا پێت ده ڵێ( لا یرید منك جزا ولا شکو را ) واته :نه پادا شتم ده وێ لێت وه نه سوپاسکر د نیش ته نها ئامۆ ژگاریه کەم لێ وەربگره له سودی خۆ ته .

ئەم ئامۆژکاریانه له زێڕ و زیو جوانترو به با یەخترن , دیاری پێغەمبەره {صلی الله علیه وەسلم } بۆ یه نه فس و ڕۆحتی لێ بێ بەش مەکه .وه ری گره که کاری پێ بکەیت نەك بۆ ئه وه ی وازی لێ بهێنیت, ژێر ئەوەیه که ئامۆ ژگاری له که سانێ وه رگرێ که دەوریان دیوه . نەك نه زانێ هەتا خۆیشی تێی دەکه وێت. , خۆ شبه خت ئه وه یه که گویڕایه ڵی فه رمانی دروست کاری بێت , چونکه گەڕانه وه بۆ لای ئه وه. وه بەد بەختیش ئەوەیه که پشت هەڵکا لەوەی سوودی پێ ده گەیەنێت .

فەرموون با ئامۆژگاریەکان یەکەیەکه وەربگرین و په یمانی جێ بەجی کردنیان بدەین به پێی توانامان :

1 - بزانه : ووشەی یەکتاپەرستی ( لا اله الا الله ) هیچ پەرستراویك نی یه بەڕاستی جگه له( الله )
بزانه ئەم ووشه سوودی
بۆت نابێت بەم هەشت مەرجه نەبێت :
* زانینی وا تاکەی
* ڕازی بوون به وشتانەی که ئەم ووشەیه دەیگرێتەوه بەدڵ و زمان
* مل کەچ بوون و خۆدانه دەست ئەو وا تایانەی ئەم ووشەیه دەیبەخشێت
* ڕاست گۆیی تەواو لەگەڵ ئەم ووشەیه که دژ و پێچەوانەی درۆیه
* خۆیه کلاکردنەوه بۆ خوا ( الإخلاص )
* خۆشەویستی تەواو بۆ ئەم ووشه جوانه و ئەو وا تایەی دەیبەخشێت
* باوەڕی نەبێت بەوانەی دەپەرسترێت جگه لەخوا
سوربه له سەر جێ به جێ کردنی ئەم مەرجانه ڕەحمەتی خوات لێ بێت ووریابه زیاده ڕەوی مەکه لەم مەرجانەی باسمان کرد .

2 - بزانه هەڵوەشێنەرەوەی ئیسلام ( له ئیسلام دەرچوون ) ده دانەن :
*هاوبەش دانان بۆ ( اللہ ) له بەندایەتی کردندا .

* داواکردن لە غەیری پەروەردگار بە پاڕانەوە لێی و پشت بەستن پێی .
* باوەڕ بوون و بەباشتر زانینی بەرنامەیەك جگە لەو بەرنامەیەی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) هێناویەتی وە یان حوکمی ستەم کاری بدات بەسەر حوکمی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) دا.
* ڕق لێ بوونەوە لەو پەیامەی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) هێناویەتی وەیان ڕق لێ بوونەوە لە هەندێکی .
* گاڵتە کردن بەبەرنامەی خوا و سونەتەکانی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) وە گاڵتە کردن بە پاداشت و سزا .
* سیحر کردن و باوەڕبوون پێی و قبوڵ کردنی لە ئیسلام دەرچوونە
* سەرخستنی بێ باوەڕان و یارمەتی دانیان بە سەر موسوڵمانانداا .
* باوەڕی وابێت هەندێ کەس لە شەریعەتی ئیسلام دەرچوون ( خەڵك بە کافر زانین ) .
* هە ڵگەڕانەوە و پشت هەڵکردن لە بەرنامەی خوا .

ئاگاداربە گە نجی خۆشەویست باش ئاگاداربە لە مانەی باسمان کرد چوونکە زۆرێك لە گە نجان ئەم سیفاتانەیان تێدایە .

3- بزانەئیمان هێنان بەخوای گەورە تەنها باوەڕبوون نی یەو بەس یان تەنها قسە نی یەو بەس بەڵکو ئەوەیە (إعتقاد بالجنان والقول بالسان والعمل بالارکان ) باوەڕبوون بەدڵ ، دەربڕینی بەزمان ، جێ بەجێ کردنی بە کردەوە ( بەزیادکردنی عیبادەت و کەم کردنەوەی تاوان ) خۆت خەریك بکە بەبەندایەتی کردن بۆ( الله ) وازبێنە لەتاوان چونکە ئەمە ئەو ڕێکەیە یە بەردەوامیت پێ دەبەخشێت .

4- بزانە خوای گەورە دروستی کردوین بۆ بەندایەتی کردن و پەرستنی بەتاك و تەنیایی وە هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەین ، لە سورەتی( الذاریات )دا دەفەرموێت (وماخلقت الجن والإنس إلا لیعبدون ) واتە :( ئینسان وجنۆکەمان دروست نەکردوە تەنها بۆ بەندایەتی کردن نەبێت ) لە بەرئەوە بە باشترین شێوە بەندایەتی خوای گەورە ئە نجام بدە .

5- بزانە بەندایەتی کردن ( عیبادة ) ووشەیەکی گشت گیرە بۆ هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێی ڕازیە : دە بێت لە ئاشکراو نهێنی دا بگەڕێی وە هەوڵ بدەی بۆ ناسینی ئەو کردارانەی خوڕەوشتی جوان و بەرزن و خوا پێی ڕازیە جێ بەجێ یان بکەین بە ووتە وکردار .

6- بزانە گەورەترین عیبادەت ئە نجام دانی ئەو کردارانەیە خودا فەڕزی کردووە لەسەرمان :
خوای گەورە لە فرمودەی قودسی دا دەفەرموێت ( بەندە کانم نزیك دەبنەوە لە من بەو شتانە فەڕزم کردون لەسەریان وە بەجێی دەهێنن ) .

گە نجی خۆشەویست : پا پەند بە بەوانەی فەڕز کراوە لەسەرمان و پارێزگاریان لێ بکە وە بە جێ یان بهێنە بە جوان ترین شێوە.

7- بزانە عیبادەت کردن وەرناگیرێ ئەم دوو مەرجەی لەگەڵدا نەبێت :
* خۆ ساغ کردنەوە بۆ پەروەردگار ( الإخلاص ) وە نیەت پاکی.
* شوێن کەوتنی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) .
ئاگاداری (ریاء ) بە واتە ڕوپامایی ئە نجام دانی کردارێك لەبەرخاتری غەیری خوای گەورە کردارە جوانەکان بەتاڵ
دەکاتەوە و دەبێتە مایەی سزادان ،وە لە دینەکەت زیاد و کەم مەکە ،
هەوڵ بدە گە نجی خۆشەویست نیەتت پاك بکەرەوە لە ڕیاکردن سوربە لە سەر پاك کردنەوەی کردارت لە ڕیاکردن وزیادە ڕەوی بەردەوام شوێنکەوتەی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) بە .

8- سوربە لە سەر کردنی نوێژەکانت لە کاتی خۆیدا و پارێزگاری لێ بکە :
کردنی نوێژەکەت دوا مەخە چونکە گەورەترین کردارە، پرسیار لە پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) کرا کام کردار زۆر گەورە و باشە فە رمووی ( الصلاة علی وقتها )

9 - باشترین دەست نوێژ بگرە بۆ ئە نجام دانی نوێژەکانت :
پاکو خاوێنی نیوەی باوەڕە ( الطهور شطر الإيمان) بزانە دەست نوێژ کلیلی نویژە لە بەرئەوە جوانترین دەست نوێژ بگرە .

10- نوێژە فەڕزەکانت لە مزگەوت ئە نجام بدە :
نوێژی بە کۆمەڵ ( جماعة ) بەلای زۆربەی زانایانەوە واجبە وتەرك کردنی درووست نی یە بە بێ هۆیەکی شەرعی .

11- هەوڵ بدە ئامادە بیت لە (اللە أكبر ) نوێژ دابەستن لە دوای ئیمام ، زوو بچۆ بۆ نوێژ هەوڵ بدە لە ڕیزی یەكەم دا بیت . هەوڵ بدە بەدڵ ئاگات لە نوێژەكەت بێت و بە خشوعەوە بیكەیت و نوێژەكەت لەنوێژی پێغەمبەر( صلى الله علیه وسلم ) بچێت .

12- ئاگاداربە نوێژی بەیانیت نەفەوتێنیت لەبەر خەو :
چوونت بۆ مزگەوت لە نوێژی بەیانیدا گرنگی خۆی هەیە لەوانە نوێژی بەیانی سەرەتای بەیانی یە واتە لەو ڕۆژەدا یەكەم كار كە تۆمار دەكرێت بۆ تۆ نوێژكردنە لەناو دەفتەری كردەوەكاندا، فریشتە ی شەو لەسەر زەوی دەگەڕێنەوە بۆ ئاسمان فریشتەی ڕۆژ دێنە خوارەوە و نوێژی بەیانی دەكەن بە كۆمەڵ وشاهیدیت بۆ دەدەن ،لەبەر ئەوە هەوڵ بدە نوێژەكەت لەكاتی خۆیدا بكەیت و نەیفەوتێنیت .

13- هەوڵ بدە یەك مانگ نوێژی بەیانیت بەجەماعەت بكەیت یان نەهێڵی نوێژەكەت بفەوتێ چوونكە بەهۆی ئەم كارەوە بەردەوام دەبیت و نوێژەكەت نافەوتێنی .

14- پارێزگاری بكە لە ئە نجام دانی ویردەكانی (الذكر ) دوانوێژ : پەلە مەكە لەچوونە دەرەوەت لە مزگەوت هەتاوەكو ویردەكان نەخوێنیت .

15- سوربە لەسەر ئە نجام دانی نوێژە سونەتەكان پێش نوێژ وەدوای نوێژە فەرزەكان (الرواتب) وە باشتروایە لەماڵەوە بیان كەیت . 12 ڕكاعەتە
( 2 ڕكاعەت پێش نوێژی بەیانی – 4 ڕكاعەت پێش نوێژی نیوەڕۆ - 2ڕكاعەت دوای نوێژی نیوەڕۆ – 2 ڕكاعەت دوای نوێژی مەغریب – 2 ڕكاعەت دوای نوێژی عیشا ) .

16- خۆت بپارێزە لە وەی بەبەردەم نوێژ خوێناندا بڕۆیت : خێرا بەبەردەم یاندا مەڕۆ چاوەڕێ بكە هە تاوەكو لە نوێژەكە تەواو دەبێت چونكە ڕۆیشتن بەبەردەم نوێژدا بەتاوان دەژمێردرێت .

17 - هەوڵ بدە نوێژی ویتر تەرك نەكەیت : چوونكە پێغەمبەر( صلى الله علیه وسلم ) تەركی نەكردوە هەتاوەكو لەسەفەریشدا كردویەتی .

18 – بزانە نوێژی هەینی ( جمعە ) واجبە پشت گوێی نەخەیت :
لە سەر هەموو پیاوێك ( ڕەگەزی نێر ) ێك كەباڵغ بوبێت دانیشتوی ئەو شارەبێت واتە مسافیر نەبێت واجبە وپێویستە ,سونەتە خۆت بشۆریت وبۆنی خۆش لەخۆت بدەیت جوانترین جل و بەرگ لەبەر بكەیت و سیواك بەكاربهێنیت وە زوو بەرەو مزگەوت بەڕێ بكەویت و هەنگاو بەسەر خەڵكدا نەنێیت و خۆت مەشغوڵ نەكەیت لەكاتی ووتار خوێندنەوەدا و بەباشی گوێ بۆ ووتارەكە بگرە .

19- سڵاوات لەسەر پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) زۆر بدە :
لەهەموو كات و ڕۆژێكدا چونكە خوای گەورە فەرمانی پێ كردووە وەبە تایبەتی لە ڕۆژی هەینی دا سونەتە زۆرتر لەڕۆژانی تر بڵێیت (اللهم صلى على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبرا هيم وعلى آل إبراهيم اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم في العالمين إنك حميدُ مجيد ) وە بەهەرشێوە یەكی تر كەخۆت سڵاوات بدەیت بیڵێ و لەبیری مەكە .

20- بزانە لە ڕۆژی هەینی دا كاتێك هەیە دووعای تیادا گیرا دە بێت دووعای تیادا ڕەت ناكرێتەوە :
لەبەرئەوە كاتەكانت لە ورۆژەدا زیاتر بە نوێژكردن و دووعاكردن بەسەر بە رە و زۆر بپاڕێرەوە بۆ پێویستیەكانت .ئەگەر لەڕۆژی هەینی دا چوویت بۆ سەیران هەوڵ بدە نە كەویتە تاوانەوە و نوێژی جمعەت نەفەوتێنی .

21 – ئەگەر لەو كەسانەی كە زەكاتت لە سەرە زوو دەری بكە :
لەبەرئەوە ی ماڵەكەت پاك دەكاتەوە بەوەی مافی هەژارانت لێ داوە . وە بە زەكات دان ماڵ زیاد دەكات .

22 – خێركردن و بەخشینی زۆر :
لەبەرئەوە ی لە قیامەتدا دەبێتە سێبەرێك بە سەر سەرتەوە لە گەرما و ناڕەحەتی ئەو ڕۆژە دەتپارێزێت .ئازاری ئەو كەسە مەدە كەخێری پێ دەكەیت بە منەت كردن بەسەریدا چونكە پاداشتی خێركردنت بەتاڵ دەكاتەوە .

23 - هەوڵ بدە سیفاتی ڕەزیلی و بەخیلی لە خۆتدا مەهێڵە وە نە فست ڕابێنە لە سەر بەخشین و سنگ فراوانی .

24 – خێرکردن بە کەم مەزانە ئەگەر بەشتێکی کەمیش بێت :
پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) دە فەرموێت ( إتقو النار ولو بشق تمرة) چوونکە بزانە خوای گەورە حیسابی پاداشتی زەڕە یەکیش دەکات (فمن یعمل مثقال ذرةٍ خیراً یرة ) خێرکردن بە کەم مەزانە ئەگەر بە ووتەیە کیش بێت.

25 – لە کاتی بەخشین و خێرکردندا خۆت لە ڕوو پامایی ( ریاء ) بپارێزە :
باخێر کردنت بە نهێنی بێت بادەستی چە پت نەزانێت دەستی ڕاستت چی بەخشیوە .بزانە خێرکردنی نهێنی تورەیی پەروەردگار دادەمرکێنێ .

26 – مانگی ڕەمەزان مانگی هیدایەت و لێخۆشبوونە کەوایە باش خۆت ئامادە بکە بۆ پێشوازی کردن لەومانگە پیرۆزە .

27 - پێشینانی ئێمە ( سلف ) دووعایان دەکرد کە خودا تەمەنیان بداتێ بەرەمەزان بگەن ، کاتێك پێی دەگەیشتن بە جوانترین شێوە خودا پەرستیان تیادا دەکرد ، وە شەش مانگ دوای ئەوە داوایان دەکرد خودا لێیان قبولێ بکات .
ئایا تۆ چۆن خۆتی بۆ ئامادە دەکەیت ؟ چۆن مانگی ڕەمەزان بەڕێ دەکەیت ؟

28 – ڕەمەزان مانگی گرتنی ڕۆژوو ئە نجام دانی شەونوێژە :
لەم مانگەدا واز لە تەمبەڵی وخەوتنی زۆربێنە ، شەوو ڕۆژەکانی بە ئە نجام دانی کاری خێر و ڕەزامەندی خوای گەورە پڕبکەرەوە واز لە تاوان کردن بهێنە .

29 – ڕۆژوەکەت بەفیرۆ مەدە بە جوێندان و نەعلەت کردن و کاری خرا پە لە گوفتار و کردار :
ئەگەر یەکێك شەڕی پێ فرۆشتیت و جنێوی پێ دایت ڕووبە ڕووی مەبە رەوە بڵێ ( إنی صائم ) من بە ڕۆژووم
.

30 – ڕەمەزان مانگی پەشیمانی و گەڕانەوەو سەر زەنشت کردنی نەفسە :
سووربە لە سەر گویَ ڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگارت ، کاتەکانت بەیادکردن و جیَ بە جیَ کردنی فەرمانەکانی پەروەردگار پڕ بکەرەوە . بڕیار بدە کە دوای ڕەمەزانیش هەروا بەردەوام بیت .

31 – پارێزگاری بکە لە ئە نجام دانی نوێژی تەراویح لەگەڵ موسو ڵمانان لە مزگەوتدا :
خێرا لە مزگەوت دەرمە چۆ بۆ ئەوەی گەورەترین و زۆرترین پاداشت مسۆگەر بکەیت .

32 - پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) لە( دە ) شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی دەکرد :
ئیعتیکاف : بریتی یە لە مانەوە لە مزگەوت نابێت ئەو شوێنە بەجیَ بهێڵیت لە بەر پێویستیات (ضروريات) نەبێت ، کەم و زیادی دیاری نەکراوە لەبەرئەوە دەتوانیت دە شەو ئیعتیکاف بکەیت وە دەتوانیت دوو سەعات ئیعتیکاف بکەیت بە نیازی عیبادەت کردن .
ئەم سوونەتە زۆر کەس تەرکیان کردوە دە تۆ زیندووی بکەرەوە خوای گەورە دڵت زیندو و بەرزو بڵند بکات .

33 – شەوی ( ليلە القدر ) لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە عیبادەت کردن لە و شەوەدا خێری گەورەترە لەئە نجام دانی خێری ( 1000 ) مانگ کە دەکاتە ( 83 ) ساڵ ،
کەوا بوو تۆ چۆن پێشوازی لیَ دەکەیت ؟

34 – قورئان زۆر بخوێنە لەهەموو کاتێکدا :
قورئان ڕێنیشاندەر و ئامۆژگاری و شیفا و ڕەحمەتە بۆ موسوڵمانان لەبەرئەوە لە هەموو کاتێکدا بیخوێنە بە تایبەتی لەمانگی ڕەمەزاندا . خۆت فێری قورئان خوێندن بکە و خەڵکی تریش فێر بکە بیخوێنەرەوە بەشێوەیەك بیری لیَ بکەیتەوە و تیَی بگەیت و کارت لیَ بکات چونکە بەرنامەی ژیانە بۆ هەموو کات و سەردە مێك .

35 - پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بەخشندە وسەخی ترین کەس بوو بەڵام لە ڕەمەزاندا زیاتر بەخشندە تر دەبوو. لەبەرئەوە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) بکە بە پێشەوای خۆت و چاوی لیَ بکە .

36 – **خۆت لە سەر ڕۆژوی سونەت ڕا بهێنە  چونکە ڕۆژوو دەبێتە قەڵغان لە ئاگری دۆزەخ :،**
**ئەو ڕۆژانەی سونەتە تیایاندا بەڕۆژوو بین لە فەرموودە دا هاتوون ئەمانەن ﴿ هەموو ڕۆژێکی دووشەممە و پێنج شەممە ، ڕۆژوی 13 و 14 و15 ی هەموو مانگێك( أيام البيض )، ڕۆژووی  ڕۆژی عەرە فە ( 9 ذالحجة )، ڕۆژی عاشوراء ( 10 محرەم ) ،  شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال ﴾**

37 – **هەوڵ بدە لە ڕەمەزاندا عومرەیەك بەجێ بهێنیت : لەبەرئەوەی پاداشتی بەرامبەری پاداشتی حەجێکە ( متفق عليە ) .**

38 – **یادکردن و زیکرکردنی پەروەردگار شیفایە بۆ دڵ و دەرون :**
**بەردەوام بە لەسەر زیکرکردنی پەروەردگار چونکە خوای گەورە لەگەڵ زیکر خوێنانە زیکر کردن لابەری بێتا قەتیە لە جەستەدا بزانە قسە زۆرکردن بەبێ زیکری پەروەردگار دڵ ڕەقی لێ دەکەوێتەوە .**

39 – **پاپەند بە بەزۆر ووتنی ( أستغفرالله   ) و داوای لێخۆشبون بکە :**
**بزانە ئەگەر ئە نجامت دا خوای گەورە لە هەموو نارەحەتیەك دەرووی خێرت لێ دەکاتەوە و دڵت خۆش و فراوان دەکات و ڕزق و   ڕۆزیت دەدات لەشوێنێکەوە کە گومانت بۆی نەچووە ، لە فەرموودە دا هاتوە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) 70 جار یان 100 جار   داوای لێخۆشبوون و أستغفرالله ی کردوە .**
**دە ی تۆ چەند جاری دەکەیت لە ڕۆژێکدا ؟**

40 – **بزانە دووعا کردن ونزاکردن بەشێکە لەبەندایەتی کردن ( عیبادەت ) بۆ پەروەردگار :**
**دەبێتە هۆی لادان و نە هێشتنی بەڵاو موسیبەت و هێنانەدی داواکاریەکانت ، کەوا بوو دوعا زۆر بکە بزانە نزیکترین کات کە  بەندە لە  پەروەردگاریەوە نزیکە کاتی سوجدە بردنە لەبەرئەوە دووعای زۆری تیادابکە .**

41 – **حەجی ماڵی خوا یەکێکە لە  پایەکانی ئیسلام: دوای مەخە وپەلە بکە لە بەجێ هێنانی چونکە واجبە بە پەلە بکرێت بەلای زۆرێك لە زانایانی ئیسلام .**

42 – **هەوڵ بدە حەجەکەت حەجێکی وەرگیراو و قبوڵ کراو بێت :**
**بزانە پاداشتی حەجی وەرگیراو تە نها بەهەشتە و گوناهە کانی پێش حەج دەسڕێتەوە، لە بەرئەوە هەوڵبدە لەم سەفەرەدا گوناهو تاوان ئە نجام نەدەیت ، قسەی ناشیرین بەکەس نەڵێیت و درۆ نەکەیت ،**
**با ئەو ماڵەی پێی دەچیت بۆ حەج حەلاڵ بێت وگوماناوی نەبێت**

43 – **هە میشە بەدوای حەجدا عەمرەیەك ئە نجام بدە :**
**پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت ئە نجامدانی ئەم کارە گوناهو هەژاری لادەبات وەکو چۆن ئاگر چڵك لە ئاسن لا دەبات**(فإنهما ينفيان الفقر والذنوب كما ينفى الكير خبث الحديد )
أحمد – إبن حبان – إبن ماجة .

44 – **ئە نجام دانی کرداری چاك و عیبادەت کردنی زۆر لە دە ڕۆژی سەرەتای مانگی** (ذى الحجة) **:**
**لەبەرئەوەی ئە نجام دانی کردەوەی چاك لەم دە ڕۆژەدا خۆشەویست ترە لای خوای گەورە لە ڕۆژانی دیکە .**

45 – **خۆت لەخواردن و خواردنەوەی حەرام و گوماناوی بپارێزە :**
**چونکە لەشێك بەخواردن و خواردنەوەی حەرام پەروەردە بکرێت ئاگر دەیسوتێنێت .وە بزانە دووعا و پاڕانەوەکانت گیرا نابێت .**

46 - **بزانە بەدوادا چوونی خوێندن و گە ڕان بە شوێن زانستدا پێویست و واجبە :**
**هیچ زانستێك بە کەم مەزانە بیر لەوازهێنانی زانست مەکەرەوە ، ئەگەر وازی لێ بهێنیت ئەوا نەزانین و ئارەزوو یاریت پێ دەکەن .**

47 – **بزانە فێربوونی زانستی شەرعی گەورەترین سەرمایەیە لە تەمەنتدا و ڕێز لە مامۆستاکان و زانایان بگرە :**
**هەوڵ بدە فێری زانستە شەرعیەکان ببیت بە گشتی کاتەکانت بەشتی بێ سوود بە سەر مەبە ، ڕێزی زانایان بگرە وەك لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی دەڵێت ( زاحم العلماء بالركب ) لەبەردەم زانایان بەڕێزەوە لە سەر ئەژنۆ دابنیشە سوربە لە ئامادە بوون لە دانیشتنە کانیان .**

48 – هەوڵ بدە هە میشە فەرمان بە چاکە بکەیت و نە هی لە خرا پە بکەیت :
ئامۆژگاری کەربە بۆ هەموو موسوڵمانێك پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت ( من الدال علی الخیر کفاعله ) هەرکەس ڕێگەی چاك نیشانی خەڵك بدات وەك ئەوە وایە خۆی ئەو کارەی کردبێت، دەست پێ بکە لە ماڵ ومنداڵی خۆت وکە سە نزیکە کانت پاشان وردە وردە نزیك بۆ نزیکتر .

49- هەمیشە نەرم و نیان بە لە کاتی فەرمان بە چاکە و نەهی لە خرا پەدا :
تاوەکو خەڵکی گوێت بۆ بگرن و ڕووت تێ بکەن و پشتت لێ نە کەن ( ولو کنت فضاً غلیظ القلب لانفضوا من حولك ) ( آل عمران) واتە ئەگەر تۆ دڵ ڕەق بوویتایە لەگەڵ خەڵك ئەوا خەڵك لێت کۆنەدەبوونەوە .

50 – لەو کەسانە مەبە فەرمان دەکەن بە چاکە و خۆیان نایکەن ، وە ڕێگری دەکەن لە خرا پە و خۆیان دە یکەن : چونکە سزای بە ئێشیان بۆ دیاری کراوە .

51 – هەمیشە بەدڵ هەست بکە و بە زمان دەری ببڕە کە خوای گەورە چاودێرو ئاگادارە بە سەرتەوە لە تاریکی و ڕووناکی وچۆڵی و قەرەباڵغیدا .

52 – پشت و پەنات تە نها با خودا بێت لە هەموو کارەکانتدا ئیتر سەرکەوتوو دەبیت . بەلآم نابێت واز لەهۆکار و ئەسباب بهێنین .

53 – بەو ڕێژەیەی خوای گەورە پێی بەخشیو یت لە سەروەت و سامان ڕا زی بە :
هەمیشە لە کاری دنیایی سەیری خوار خۆت بکە بزانە دەوڵە مەندی لە قەناعەت دایە ، ئەگەر قەناعەتت نەبوو هەرگیز دەوڵە مەند نیت .

54 – داوات هەمیشە لە پەروەردگارت بێت ، لە هیچ شتێك مەترسە بترە نجێنێت لە خودای گەورە تەنها لە گوناهو تاوانەکانت نەبێت .

55 – ئەو هۆكارانە بەكاربهێنە كە دەبێتە هۆی خۆشەویستی پەروەردگار بۆ تۆ :
سەرەكی ترین هۆكار بۆ ئەم مەبەستە پابەند بوونە بە سونەت و خورەوشتەكانی پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) و شوێنكەوتنی ( قل إن كنتم تحبون الله فتبعونی یحببكم الله )آل عمران

56 – تێ كۆشان لە پێناوی خوای گەورە چڵە پۆپەی ئیسلامە :
پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت (من مات ولم یغزو ولم یحدث نفسه بالغزو مات علی شعبة من النفاق ) واتە كەسێك بمرێت تێكۆشانی نەكردبێت وە لە دڵی دا نەبوبێت بیكات مردووە لەسەر بەشێك لەبەشەكانی دوو ڕوویی ، تێكۆشان كاتێك دەبێت كە دین داوامان لێ بكات .

57 – ئاگاداری هەواڵ و دەنگوباسی موسوڵمانان بە لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانەدا :
خۆشیان خۆشیت بێت و ناڕەحەتیان ناڕەحەتیت بێت و لە دووعای خێر بێ بەشیان مەكە.

58 – ئاگاداربە ئازاری دڵی دایك و باوكت نەدەیت : چونكە ئازار دانیان یەكێكە لە تاوانە گەورەكان .

59 – ئەگەر دایك یان باوك لێت توڕەبون لەسەر كارێك یان بەهۆی گوێڕایەڵی نەكردنیان لە لایەن تۆوە ، سەرە ڕۆیی مەكە دامەنیشە تادڵیان ڕازی دەكەیت ، چونكە ئەوان دڵسۆز ترین و نزیكترین كەسی تۆن خۆت هەڵمەكێشە بە سەریاندا بەهۆی سامان و زانست و شەهادە كەتەوە .

60 – هە میشە دایكت پێشبخە لە ڕێز گرتن و چاكە كردن لە گەڵیدا : نەكەی دڵی دایكت بڕە نجێنی و توڕەی بكەیت چونكە بەهەشت لە ژێر پێ یەكانی ئەودایە (فإن الجنة تحت قدمیها ) .

61 - سەردانی كەسە نزیكەكانت بكە كەتەركی سەردانت كردوون : پە یمان بدە كە كردەوەی چاك ئە نجام بدەیت بەرامبەریان .

62 – ئەگەر كێشەیەك یان ئا ژاوەیەك لەنا و خێزانەكەتدا هەبوو ئەوا هەوڵی چاك بوونی بدە نەك وێرا نتركردنی ، بزانە ئاشت كردنەوەی دوو كەس لە گەورەترین كاری چاكەیە .

63 – لەگەڵ دراوسێ كانت چاك بە و ئازاریان مەدە و بە جوانی مامەڵە یان لەگەڵدا بكە .

64 – خوو ڕەوشتت جوان بێت لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خزم و دراوسێ و ها وڕێکانت :
چونکە (فإنه ليس شئٍ أثقل فی الميزان من حسن الخلق ) واتە هیچ شتێك نی یە قو رستربێت لەخوڕەوشتی جوان لە کێشانەی پەروەردگاردا ، لەبەر ئەوە با خوو ڕەوشتت جوان بێت .

65 – ڕێزگرتن لە میوان لە باوەڕەوەیە : بە لگەیە لە سەر پیاوەتی و بەڕێزی تۆ .

66 – برا وخوشکی موسوڵمانت بە کەم مەزانە وگاڵتەیان پێ مەکە : لە وانەیە لەتۆ باشتر و گەورەتر بن لا ی پەروەردگار .

67 – هاو ڕێی باش هەڵبژێرە :
بیر بکەرەوە بزانە کام هاو ڕێ هەڵدە بژێریت هاوڕێی چاك یان خراپ چونکە خووی ئەوان دەگریت،ئێستا کامیان هەڵدەبژێریت ؟

68 – سەلام بکە لەوەی دەیناسیت و لەوەی نا یناسیت چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا هەوڵ بدە تۆ لە پێشدا سەلامیان لێ بکەیت بۆ ئەوەی زۆرترین خێرت دەست کەوێت .

69 – لابردنی ناڕەحەتی لەسەر ڕێگەی خەڵك :هەتا لابردنی بەردێك یان دڕکێك لەسەر ڕێگە یەکێکە لە هۆکارەکانی چوونە بەهەشت .

70 – یارمەتی هەژار بدە ، ستم لێکراو سەربخە ، ڕێنمونی سە رلێ شێواو بکە، دەستی ئەو کەسانە بگرە کە لە لا ڕێوە دەڕۆن بیان خەرە سەر ڕێگەی ڕاست .

71 – کوڕان و پیاوان چاویان بپارێزن لەسەیرکردنی ئافرەتانی بێگانە ، وە ئافرەتان چاویان بپارێزن لەسەیرکردنی کوڕان و پیاوانی بێگانە : کاتێك کە ڕووبەڕوی یەکتردەبنەوە و لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان و گۆڤا رو ڕۆژنامەکان.

72 – خۆت بپارێزە لەداوێن پیسی ونزیکی مەکەوە : خۆت بپارێزە لە زیناکردن چوونکە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان و ئاگری دۆزەخ مسۆگەر دەکات .

73 – خۆت بپارێزە لەو ( عادەت ) و مۆدە ناشیرینانەی کە لەناو کۆمەڵگادا هەن کە پێچەوانەی ئاینی ئیسلامە .

74 – باشترین چارەسەر بۆ ئارەزوو ( شەهوەت ) کە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) دیاری کردوە ژن هێنان و شووکردنە ، ئەگەر نەیتوانی با بەڕۆژوو بێت چوونکە بەشێك لە شەهوەت کز دەکات .

75 – ئاگاداربە لە تێکەلاٌ وی و مانەوە بە تەنها لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا ( نا مەحرەم ) .
چونکە تێکەلاٌ وی و مانەوە بە تەنها لە شوێنێکدا سەردەکێشێت بۆ گوناهو تاوان و داوێن پیسی ( زینا ) .

76 – بزانە تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەم دروست نی یە، وە بزانە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) تەوقەی نەکردوە لەگەڵ ئافرەتاندا .

77 – خوشکی بەڕێز : بزانە خۆ دا پۆشین ( حیجاب ) یەکێکە لە فەرمانەکانی پەروەردگار جوان خۆت داپۆشە بەعەبیەی مەزانە گوێ لەلۆمەی لۆمەکاران مەگرە فەرمانی پەروەردگار گەورەترە لە لۆمەو قسەی ئەوان .

78 - گە نجی خۆشەویست مۆبایل و تەلەفونەکەت بە شێوە و باری خراپ بەکارمەهێنە چونکە کۆتاییەکەی پەشیمانی یە .

79 –بزانە برای بەڕێز: جل و بەرگی حەریر و ئاوریشم لەبەر مەکە چونکە حە رامە ، وەمستیلە ی ئاڵتون و بازنگ لەدەست مەکە ، ملوانکە لە مل مەکە (فإنهما من زينةالنساء ) چونکە تاییەتە بەئافرەتان و بۆ ئەوان دروست و حەلاٌ لە بۆ ڕەگەزی نێر حەرامە .

80 – خۆت لە جگەرە کێشان بپارێزە ، هەوڵ بدە وا زی لێ بێنیت چونکە لەناو بەرە .

81 - خۆت بە دەستی خۆت لە ناو مەبە بەخواردنی مادە بێ هۆش کەرەکان و خواردنەوە ی عارە ق وە ڕێگەی دۆزەخ بۆ خۆت خۆش مەکە وە بزانە کە حەرامن .

82 – زمانت بپارێزە لە درۆکردن ، غەییەت کردن ، قسە هێنان و قسە بردن ، بو ختان کردن ، جوێندان و لەعنەت کردن :

بزانە سزایان بۆ دیاری کراوە ،لەباتی ئەمانە یادی خوا بکە و ئامۆژگاری خەڵکی بکە پاداشت مسۆگەر دەکەیت .

83 – خۆت خەریك مەکە بە گەڕان بە شوێن عەیب و کەمو کورتی خەڵکی دا لەبری ئەمە خەریك بە بەدۆزینەوە و نەهێشتنی کەموکورتی خۆتدا .

84 – خۆت بپارێزە لەگوێ گرتن بۆ گۆرانی حەرام و ناشەرعی واتە ئەو گۆرانیانەی مەبە ستێکی تری لە پشتەوەیە بۆ هەڵخەڵە تاند ن و سەرقاڵ کردنی گە نجان پێوەیان .

85 – هەوڵ بدە ستەم و ناڕەوایی ( ظلم ) ئە نجام نەدەیت بەرامبەر خەڵکی :

بۆ پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێ ( فإن الظلم ظلمات يوم القيامة ) ستەم کردن دەبێتە هۆی تاریکی بۆ خاوەنەکەی لەڕۆژی دوایی دا .

86 – هەوڵ بدە درۆ نەکەی ئەگەر مەبەستت پێی سوعبەت و گاڵتەش بێت . وەهەروەها موناقەشە نەکەیت تەنها لەسەر حەق نەبێت .

87 – ئەی گەنج : ئارام و ژیر و لەسەرخۆبە توڕە مەبە تەنها لەسەر حەق نەبێت ، چونکە توڕەیی لەشەیتانەوەیە .

88 – هەوڵ بدە خۆشویستنت ، ڕق لێ بوونەوەت ، بەخشینت ، نەبەخشینت ، قسە کردنت ، بێ دەنگیت لەبەرخاتری خوا بێت تا پاداشتت مسۆگەربێت .

89 – ماڵت پاك بکەرەوە لە هەڵواسینی وێنە بەتایبەتی وێنەی ناشەرعی چونکە فریشتە ڕوناکاتە ماڵێك کە وێنەی تیادا هەڵواسرابێت بەلآم وێنەی داروبەرخت و ئاو و کانی و شاخ و داخ ئاساییە هە ڵواسینی قەیناکە .

90 – ئاگاداربە لە سەیرکردنی کەناڵە فەزاییەکان و ناوخۆییەکان : ئەو کەناڵانەی مەبەستیان تێکدانی ڕەوشت وئەخلاقی کۆمەڵگەیە نمایش کەری بەرنامەی بێ سوود و تێکدەرە .

91 – ئاگاداربە لە بەکارهێنانی شەبەکەی ئینتەرنێت لە مەبەستە گەورەکەی لانەدەیت کە زانستە و بەلایەنە خراپەکەی بەکاری نەهێنیت چونکە زیانی هەیە لەسەرت ،جا ئێستا هەستی پێ دەکەیت یان لە داهاتوودا ئەگەر هەر هەستی پێ نەکەیت ئەوا لە سزای دۆزەخ دا هەستی پێ دەکەیت .

92 – سوپاس گوزاربە لە کاتی خۆشی و ئارام گربە لەکاتی ناخۆشی و ناڕەحەتی بزانە ئەگەر وابوویت ئەوا لەبەختەوەرەکانیت .

93 – سوێند بە غەیری خوا مەخۆ : چونکە سوێند خواردن بەغەیری خوا شیرك و هاوبەش پەیداکردنە . کەوابوو خۆت بپارێزە لەسوێند خواردن بەغەیری خوا .

94 – گەنجی خۆشەویست : ئازاری خەڵك و هاوڕێیانت مەدە تەنانەت هەڕەشەیشیان لێ مەکە و یارمەتیان بدە .

95 – کاری فێڵ و تەڵەکەبازی ئەنجام مەدە و کەس هەڵ مەخەڵەتێنە ،غەدر مەکە ، خیانەت مەکە لەو بەڵێنانەی دەیدەیت .

96 – بزانە کە تۆ دەبێت ببیتە نمونە بۆ ئیسلام نەك ببیتە نمونە لەسەر ئیسلام :
با خەڵك بەخوڕەوشت و کاری جوانی تۆ ئیسلامیان لەلا خۆشەویست بێت ، نەك بەبۆنەی کار و ڕەوشتی ناشیرینی تۆ لەئیسلام هەڵبێن وئیسلامیان لەلا ناشیرین بێت .

97 - هەموو هەوڵێکت بۆ بلاّو کردنەوەی ئیسلام وکردەوەی جوان بێت تاوەکو خەڵکی بەئاسوودەیی و سەربەرزی بژین .

98 – زیادە ڕەوی مەکە لە خواردن و خواردنەوەدا :
چونکە زیادە ڕەوی سەر دەکێشێت بۆ تەمەڵی وزۆرنوستن و کات بە فیڕۆدان .

99- ڕۆژەکانت کۆتایی پیٚ بێنە بە گەڕانەوە و تەوبەیەکی ڕاست بۆ لای پەروەردگار :
هەوڵ بدە لەخۆت لە نەفست بپرسیتەوە ئایە ئەو خراپە و تاوانەی کردت سوودی چی بوو
کوا خۆشیەکەی ؟
وە بەو چاکانەی کردت چیت لیٚ کەم بوویەوە ؟
بپرسە کامیان بکەم سوودی هەیە و باشە ؟ ؟؟

100- هەوڵ بدە کار و کردەوەی باشی ئەمڕۆت زیاتربێت لە کار و کردەوەی باشی دوێنێت :
ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی بکە کردەوە باشەکانت هەوڵ بدە کە لەچاو دوێنیٚ دا زیاتر بن ، بزانە بەئە نجام دانی ئەم کارە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەروەردگار نزیك دەبیتەوە و دەبیتە دۆست و ئەولیای خوا .

دڵنیابن گە نجانی خۆشەویست ئەگەر هەموولایەکمان بتوانین ئەم ئامۆژگاریەنە وەربگرین و جیٚ بەجێیان بکەین بە پێی توانا ئەوا دە بینە دۆستی پەروەردگار( أولياء الله ) و ژیانێکی خۆش و پڕ لەکامەرانی بۆخۆمان و دەوروبەرمان بنیات دەنێین چونکە زیان و خراپەی یەکتریمان ناوێت .

خوای گەورە هەموو لایەك سەرکەوتوو بکات و هیدایە تمان بدات بۆ سەر ڕێگەی ڕاست و کارەکا نمان لیٚ وەربگرێت شارەزامان بکات لە دینەکەی .

داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ڕەخنەو پێشنیارەکانتان بەم ناونیشانە بگەیەنن :
Email: zangidary@yahoo.com
zangidari@hotmail.com

(سبحان ربك رب العزة عما يصفون والسلام على المرسلين والحمدلله رب العالمين)